قەڵغانێکی نوێی دژە گوللە

تیمێک لە پسپۆڕانی بەریتانی سەر بە کۆمپانیای (بی ئەی ئای - سیستەمز) لە بریستۆل ئێستا سەرقاڵی تاقیکردنەوەی چڕوپڕن لەسەر جۆرە قەڵغانێکی نوێی شل نەوەک ڕەق کە لە توانایدایە گوللە بگەڕێنیتەوە. بۆ سەرخستنی ئەم بوارەش پسپۆڕان جۆرە مادەیەکی شل و مادەی (کیفلەر) ی دژە گوللەیان ئاوێتەی یەکدیان کردووە بۆ پێکهێنانی مادەیەکی نوێی دژە گوللە. هەڵبەتە کۆمپانیای ناوبراو نهێنی پێکهاتەی مادە شلەکەی ئاشکرا نەکردووە کە زۆر بە کارامەیی دەتوانێت هێزی گوللەکە هەڵبمژێت و ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرکەوتنەکەدا چڕییەکەی زیاد دەکات و زۆر ئەستوورتر دەبێت و دژی گوللەکە دەوەستێت. لەم بارەیەوە (ستیوارت بینی) بەڕێوەبەری پرەسەندنی مادەکان لە کۆمپانیای (بی ئەی ئای سیستەمز) گوتوویەتی: ئەمە بەربەستێکی بەهێزی گوللەیەو لە کاتی بەرکەوتنیدا، تەنۆچکەکانی نزیک یەک دەکەونەوەو بەیەکەو دەنووسێن و بەمەش ڕێگە نادەن تەنۆچکەکانی پێکهاتەیی گوللەو پارچە ئاسن بە نێویدا تێپەڕ ببێت. جگە لەوەی کێشی ئەم قەڵغانانە کەمترە لەکێشی قەڵغانە ئاساییەکان.

لە تاقیکردنەوەی سەرەکیدا، پسپۆڕان گوللەیەکیان بەخێرایی ٣٠٠ مەتر لە چرکەیەکدا ئاڕاستەی دوو قەڵغان کرد کە یەکیان لە ٣١ چین لە مادەی (کیفلەر) و ئەوی دیکەشیان لە ١٠ چین لەم شلەیە پێکهاتبوو.

خۆراکە ڕەنگاو ڕەنگەکان واتە شێرپەنجە

ڕاپۆرتێکی تەندروستی بەریتانی ئاگادرای ئەو کەسانەی کردۆتەوە کە خواردنی ڕەنگکراو دەخۆن بە تایبەتیش منداڵەکان کە زۆر سەرنجیان ڕادەکێشێت کە دوور بکەونەوە لەم جۆر خۆراک و خواردەمەنییانە کە جگە لەوەی هیچ سوودێک بەلەش ناگەیەنن، بەڵکو هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی جۆرەها نەخۆشی شێرپەنجە. هەروەها ئاماژەشی بەوە داوە کەوا کۆمپانیاکان ساڵانە نزیکەی ١٥ ملیۆن پاوەندی ٨ جۆرە ڕەنگ دەخەنە نێو خۆراکەکان کە گشتیان لە دەرهێنراوەکانی پترۆڵ و گیراوە ژەهراوییەکانەوە ئامادە دەکرێن و دەخرێنە نێو خۆراکە ئامادەکراوەکانی وەک شەربەت و میوەجات و شیرینەمەنییەکان و بریتین لە ڕەنگەکانی (شین -١- و سوور -٤٠- و زەرد-٥ و٦) کە هۆکاری زۆر بەهێزن بۆ سەرهەڵدانی هەستەوەریی لەلایەن منداڵان و شێرپەنجەش بۆ گەورەکان و تاقە سوودێکی ئەم ڕەنگانەش بریتییە لە جوانکردنی خۆراکەکان و هیچیتر نا، بۆیە یەکێتی ئەوروپی بەنیازە ئاگادارییەک بڵاوبکاتەوە دەربارەی چۆنییەتی مامەڵکردن و نەهێشتنی بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە دروستکراوانە لە نێو خۆراکە ئامادەکراوەکاندا.

مۆبایل و ئامانجێکی زۆر جیاواز

هاندی سانا ٢١٠ یەکێکە لە دیزاینە هەرە نوێیەکانی جیهانی مۆبایل کە لە فەرەنسا بەرهەم دەهێنرێت و وەک هاندە ئاساییەکان نابێت. ئەم ئامێرە دەتوانێ نەخۆشانی دڵ لە ترسناکین ساتەکانی نەخۆشی بوونیان ڕزگار بکات بێ ئەوەی هیچ کاتێک بە فیڕۆ ببات. ئەوەی زانراوە لە بواری گرفتەکانی دڵ خۆی لە گرژبوونی کت و پڕی ماسولکەی سکۆڵەی دڵەو ئەمەش دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی ٤٠ تا ٦٠ هەزار کەس تەنها لە فەرەنسا.

ئەم مۆبایلە وەک کاتژمێرەو شاشەیەکی زۆر هەستیاری بە لەمس هەیە و زۆر خێرا دەچێتە نێو تۆڕی ئینتەرنێت، لە هەمان کاتدا ئەم مۆبایلە خاوەنی یەکەیەکی پێوانەکردنی کارەبایی لێدانی دڵ لە ماوەی ٣٠ چرکەو ڕاستەوخۆو لەکاتی پێویست زانیارییەکان دەنێرێت بۆ پزیشکی تایبەتی نەخۆشەکە. بەم شێوەیە دەکرێ زۆر بەوردی ئاگاداری باری تەندروستی ئەو نەخۆشە ببێت و لەکاتی پێویستدا یارمەتی و ڕێنمایی بکرێت. جێگای ئاماژە پێدانە کەوا ڕووداوەکانی مردن لەدەرەنجامی وەستانی کت و پڕی دڵ بە پلەی دووەم دێت لە دوای شێرپەنجە، بۆیە هیوایەکی زۆر بەم ئامێرە نوێیە هەیە بۆ ڕزگارکردنیگیانی چەندین کەس لە مەترسی.

تیشکی ئێکس مانگێکی دەستکرد شڵەژاو دەکات!

بە گوتەی چەند پسپۆڕێکی فەلەکی، بەم دواییە تەقینەوەیەکی یەگجار زۆر لە قوڵایی گەردووندا ڕوویداوەو بۆتە هۆی ڕوودانی حاڵەتێکی کوێربوونی کاتیی بۆ یەکێ لەو مانگە دەستکردانەی کە تایبەت بۆ تۆمارکردنی تەقینەوەکانی تیشکی (ئێکس) دا لە خولگەیەکی تایبەتی خۆیدا دانراوە. لەم بارەیەوە (دێڤید بۆروز)ی پسپۆڕی زانستەکانی فەلەک و سروشت لە زانکۆی (پەنسیلڤێنیا) گوتوویەتی: ڕوانگەی فەلەکی (سرێفت) ی سەر بە ئاژانسی ناسا تووشی کوێربوونەکی کاتیی بۆتەوە دوای تۆمارکردنی یەکێ لە تەقینەوە هەرە بەهێزەکانی تیشکی (ئێکس) کە لە دەرەوەی سنووری گەلەستێرەی ڕێی کاکێشانەوە ڕوویداوە و بە یەکێ لە بەهێزترین تەقینەوەکانی تیشکی ئێکس لەمێژوودا تۆمار کراوە .

(فیڵ ئیڤانس) لە زانکۆی (لیسیستەر) ی بەریتانی کە پسپۆڕی پڕۆگرامسازییە گوتوویەتی: ئەم تەقینەوەیە بۆتە هۆکاری داخستنی پڕۆگرامەکانی تایبەت بە شیکردنەوەی داتایەکانی ڕوانگەی سویفت دوای ئەوەی ڕێژەیەکی یەگجار زۆری فۆتۆنەکان هێرشیان بردە سەر ئامێری هەستەوەریی تا ڕادەیەک نەتوانرا ئەژماربکرێن، وەک چۆن تۆ بتەوێت ئامێرێکی بچووکی تۆمارکردنی ڕێژەی باران بارین لە ڕێگای سەتلێکەوە بۆ شەپۆلێکی تسوونامی بەکاربهێنی! زانایان ڕوونیان کردۆتەوە کەوا ئەم تیشکە مەودای ٥ ملیار ساڵی ڕووناکی بڕیوە تا لە کۆتاییدا گەیشتۆتە سەر زەوی و لە ٢١ ی حوزەیرانی ڕابردوودا بەبەر مانگە دەستکردەکە کەوتووە. ئەمەش بێ گومان یەکێکە لە گەشترین سەرچاوەکانی تیشکی ئێکس کە تاوەکو ئێستا لە نێو قوڵایی گەردووندا دەبینرێت و تۆمار دەکرێت.

چاکترین چارەسەری بۆ بڵاوترین نەخۆشیی!

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ ئاماژە بەوە دەدات کەوا چاکترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی زەردوویی (یان زەرتک) بریتییە لە پێدانی شیری دایک و بەمەش بە خێراترین کات کۆرپەکە لەم هەڕەشەیە ڕزگاری دەبێت بێ ئەوەی پەنا بۆ چارەسەری دەرەکی ببردرێت، لەهەمان کاتدا ئاماژە بەوەش کراوە کەوا پێدانی شەکراوو دانانی کۆرپەکە لە ژێر ڕووناکی گلۆپێکی نیۆن دەبێتە هۆی زیاتر کرنی ڕێژەی زەردوویی لەپێست و چاویداو لە کۆتاییدا ئەگەرەکانی تووشبوونی کۆرپەکە بە نەخۆشییەکانی مێشک و زیان پێگەیاندنی توانستی بیرو هزری لە داهاتوودا. لەم بارەیەوە دکتۆر (عەلی حوسێن)، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو لە زانکۆی (ئەسیوت) دەڵێ: زۆرجار لەکاتی لەدایکبووندا کۆرپەکە تووشی زەردوویی دەبێت و بەمەش پێویستە دەستبەجێ نیشانی پزیشکی تایبەتی بدرێت بۆ دەستنیشان کردنی هۆکارو جۆرەکەی، بەڵام بۆمان دەرکەوتووە کەوا شیری دایک چاکترین وکاریگەرترین ڕێگاچارەیە بۆ لەناوبردنی زەردوویی بێ پێدانی دەرمان و چارەسەری پزیشکی.

فۆتۆشۆپ ئۆنلاین

بێ گومان لە زۆر بواردا پێویستیمان بە بەرنامەی فۆتۆشۆپ دەبێت، بەڵام جاری واش دەبێت بەرنامەکەمان لەسەر کۆمپیوتەرەکەمان دەستناکەوێت، بۆ چارسەری ئەم کێشەیە دەتوانرێت ئەم مالپەڕەی کە دەیخەینەڕوو بەکار بهێنرێت ، مالپەڕەکە بەشێوەیەکی وا دیزاین کراوە کە تا رادەیەکی باش فەرمانە گرنگەکانی فۆتۆشۆپی گرتۆتە خۆی لە وانە (دەستکاری کردنی وێنە، زیادکردنی فلتەر... هتد.

ئەدرەسی مالپەڕ: www.pixlr.com

بەرنامەیەکی نوێ بۆ دۆزینەوەی فایلەکان

ئەم بەرنامەیە نوێترین و باشترین بەرنامەیە کە بە کاردەهێنرێت بۆ گەڕانەوەو دۆزینەوەی ئەو فایل و فولدەرانەی کە ونبوونە و دیارنەماون یاخود رەشکراونەتەوە جا ئەو فایل و فولدەرانە هەر هەر جورێک بن وەک (فایلی دەنگی و ڤیدیۆیی) بەهۆی ئەو بەرنامەیە دەتوانی بیدۆزیتەوەو بیگەڕێنیتەوە .

بەرنامەکە بەخۆڕاییەو دەتوانی لەڕێگای ئەم لینکە داونلۆدی بکەیت :

http//:www.datadoctor.in/data-recovery-software/more-pen-drive-data-recovery-software.html

ڕێبەری کۆمپیوتەر

پێکهاتەکانی کۆمپیوتەر

(أجزاء الحاسوب الشخصی) (Computer of Parts)

ئا: محەمەد وەسمان
mihemedwesman@yahoo.com

کۆمپیوتەر لەم بەشە سەرەکیانە پێکدێت:

١- یەکەی سیستەم.
٢- یەکەی زانیاریدەر.
٣- یەکەی زانیاریدەرخەر.
٤- دەزگا لاییەکان.

١- یەکەی سیستەم (وحدە النظام) (System or CUP Box): گەر بەرگی دەرەوەی کۆمپیوتەر هەڵدەینەوە، ئەم پێکهاتە بەرچاواانە دیارن.

١- دایکە تەختە (اللوحە الام) (Motherboard)، یا تەختە سیستەم (لوحە النظام) (System board): تەختەی بازنە ئەلکترۆنییە سەرەکییەکانە لە کۆمپیوتەردا، یەکەی لێکدانەوەی ناوەندی (CUP)، لێدانەوەی مایکرۆیی- و هەندێ جۆری یادگەو بازنەی ئەلکترۆنی دیکەی کۆنترۆڵکردنی تێدایە.

٢- یادگە (الذاکرە)(Memory): یادگە لە هەندێ کۆمپیوتەردا پێکدێت لە تراشە (رقاقات)ەکانی چەسپێندراون لەسەر تەختەی بچووکی تایبەت و لەسەر دایکە تەختە دادەندرێن لە شوێنی تایبەتدان، لە هەندێ کۆمپیوتەری دیکە یادگەی سەرەکی لە بنجیدا و راستەوخۆ لە تەختە دایە.

٣- وزە پێدەر (Powes Supply) (مصدر الگاقە): سەرچاوەی کارەباییە بۆ بازنەکانی کۆمپیوتەرو وزەی پێویستیان بۆ دابین دەکات بۆ کارکردن. ئەم بگۆڕە لەلایەکی دەرگە دەرچەسپێندرێت، بگۆڕێکی تیادایە بۆ کەمکردنەوەو رێکخستنی ئاستی ئەرکی تەزووی کارەبای هاتوو بۆ کۆمپیوتەر.

٤- بنگەکان (القوابس) Ports: ئەم کۆتاییانەن کە لە پشت سندووقی سیستە مەدەنی و بەکاردێت بۆ بەستنەوەی دەزگا دەرەکییەکان و لایەکییەکان (الگرفیات) لەگەڵ کۆمپیوتەردا (بەتەواوی لەگەڵ ڕاڕەوەکانی گواستنەوە لە دایکە تەختەدا).

چەندان جۆری هەیە

١- بنگەی داویەک (القوابس المتتالیە) (Serial Ports)
٢- بنگەی تەریب (القوابس المتوازیە) (Parallel Parts)

یەکەمیان پێدراوەکان (بت) دوای (بت) دەگوازێتەوە دووەمیان کۆمەڵە (بت)ێک بەیەکەوە دەگوازێتەوە.

٣- بنگەی هاوکات (SCSI)) (Small Computer System Interface port)) (بت BIT) بەشێوەی هاوکات دەگوازێتەوەو زۆر خێرایەو توانستی بەیەکەوە بەستنی ٥١ دەزگای هەیە بە کۆمپیوتەر بەیەک کێبڵ.

٤- بنگەی (USB Port) توانای بەیەکەوە بەستنی ١٢٧ دەزگای هەیە لەگەڵ کۆمپیوتەر بەیەک کێبڵ، سەرەڕای بنگەکانی کلیلە تەختەو مشکە بە کۆمپیوتەر



ماڵپەڕێکی پێویست

هەموومان ئارەزوومان بە گۆڕینی شێوازی فایلە جیاجیاکانی وەکو وێنە ،تێکست، دەنگی ..... هتد هەیە ، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت بەرنامەی پێویستمان تایبەت بەم بوارانەمان هەبێت و لەکاتی نەبوونی بەرنامەی پێویست بەم بوارە توشی گرفت دێین، بەڵام ئەم ماڵپەڕەی لێرەدا دەیخەینە روو ئەم گرفتەمان بۆ چارەسەر دەکات، ماڵپەڕەکە توانای گۆڕینی (٥٠) شێوازی جیاجیای دەنگی و وێنەیی... هتد هەیە بەهەمان شێوە ماڵپەڕەکە شێوازێکی مامەڵەی ئاسانی هەیە، لەماوەی کارکردنت لە ماڵپەڕەکە ئاشنای زیاتری خزمەتگوزاریەکانی دەبیت.

– ئەدرەسی ماڵپەڕ:
www.cometdoc.com

Gaudi
خزمەتگوزاری سێرچی دەنگی

دیار عەزیز

لە هەنگاوێکی دا بۆ زیاتر سەڵماندنی دەست بالایی بە سەر جیهانی ئایتی بە گشتی و ئینتەرنێت بە تایبەتی کۆمپانیای گوگڵ خزمەتگوزاری Gaudi بۆ سێرچی تراکە ڤیدیۆییەکان خستەکار .خزمەتگوزاری Gaudi لە پیتی(G) یەکەمی وشەی Google وەرگیراوە و audi ی بۆزیادکراوە و کراوەتە Gaudi کە بە مانای گوگڵ ی دەنگی دێت و ئەدرەسی خزمەتگوزاریەکەی لێوە دروستبووە. ئەم خزمەتگوزاریە زۆر سوودمەندە بە جۆرێک بەکارهێنەر دەتوانێ سێرچی وشەیەک بکات کە لە ناو تراکە ڤیدیۆییەکاندا هاتووە واتە کاتێک وشەیەک دەنووسیت لە خانەی سێرچ راستەوخۆ خزمەتگوزاریەکە سێرچی بۆ دەکات لە ناو تراکە ڤیدیۆییەکان کە لە کوبوونەوە و سیمینار و کۆنگرە رۆژنامەوانیەکان وەرگیراوە و دەیخاتە بەردەستت ، بۆ نموونە تۆ کاتێ وشەی Economy دەنووسیت ئەوا خزامەتگوزاریەکە سەرجەم ئەو تراکە ڤیدیوییانە دەخاتە بەردەستت کە وشەی Economy لە خۆیان دەگرن و دەتوانیت راستەوخۆ تراکە ڤیدیۆییەکە بۆ هاوڕێیانت پۆست بکەیت ، لەڕێگای ئەم لینکەی خوارەوە دەتوانیت بچیتە ناو خزمەتگوزاریەکە:
http//:labs.google.com/gaudi

تەمەنی کۆمپیوتەرەکەت چەندە؟!

زۆر جار پێویست دەکات تەمەنی کۆمپیوتەرەکەمان بزانین بەجۆرێک دەتوانین لە رێگای مێژووی دروستکردنی (بایۆس)ی کۆمپیوتەر مێژووی دروستکردنی کۆمپیوتەر وەربگرین و لەوێشەوە تەمەنی کۆمپیوتەرەکەمان بزانین لە رێگای ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

سەرەتا RUN دەکەینەوە و دەنووسین CMD و ئینتەر دەکەین.

– دوای کلیکی Enter بۆکسێکی ڕەشمان بۆ دێت تیایدا DEBUG دەنووسین و دووبارە Enter کلیکی ئینتەر دەکەینەوە ، دواتر نیشانەی ماوسەکە دەگوازرێتەوە بۆ هێلێکی دیکە و تیایدا پیتی D دەنووسین .

– پاش نووسینی پیتی D سپەیسێک بەجێدەهێڵین وئەم کۆدە دەنووسین : FFF5:F000.

– ئینجا کلیکی Enter دەکەین و راستەوخۆ لە لای راستی سەرەوە مێژووی دروستکردنی کۆمپیوتەرەکەمان بۆ دەردەکەوێت.



نۆڕینـــگەی

ئا: د. فەیسەڵ بلّباس

خوێنەر خوشکە (شیلان) دەپرسێ: پرۆگرامی زمان و دەمارم بیستووە، ئایا ئەمە چیە و چ پەیوەندیەکی بە تەندروستی و پزیشکیەوە هەیە و بۆ چی باشە..؟

وەڵام: ئەوەی کە بەپرۆگرامی دەمارو زمان یان Neuro-linguistic Program ناودەبرێ بابەتێکی تا رادەیەک تازەیە و پتر پەیوەندی بە تەندروستیی دەروونیەوە هەیە. وەکو لە سەرچاوە نووسراوەکانی ئەم بابەتەدا دەخوێندرێتەوە، ئەو بەرنامەیە زۆرتر بایەخ بە پەروەردەکردنی کەس دەدات، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن کەسایەتیەکی سەرکەوتوو و کاریگەر لە ژیانی رۆژانەیدا. بابەتەکە لەبەر ئەوەی بریتیە لە راهێنانی تاک لەسەر هەڵبژاردنی وشە و رستەی گونجاو و ویستراو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەردا و لە هەمان کاتیش بیرکردنەوەیەکی لۆجیک و ئەرێنیانە لەکاتی بەیەک گەیشتندا و خۆڕاهێنان لەسەر گەڕانەوە بۆ هۆش و لۆجیک... بۆیە ناونراوە زمان و دەمار. ئەم بابەتە زۆر پەیوەندی بە تەندروستی جەستەیی و چارەکردنی نەخۆشیانەوە نیە و پتر بۆ ئەوەیە ئەو کەسە وا لێبکات کە لەناو کۆمەڵگەی خۆی و لەناو دەوروپشت و ژینگەکەی دا ویستراو بێت و بتوانێ ئەرێنیانە مامەڵە لەگەڵ دەوروپشتەکەیدا بکات. بەرنامەکە پێویست بە شارەزایەک دەکات لەو بوارەدا بۆ ئەوەی فێری یەکێک یان گرووپێکی بکات و تاکە کەسیش دەتوانێ لە رێی خوێندنەوەی کتێبی تایبەتدا خۆی لەسەر رابێنێ. ئەم پرۆگرامە دەچێتە خانەی ئەو هەموو رێگە زۆر و زەبەندەی کە ئەمڕۆکە پەیدا بووینە بۆ خۆ ڕاهێنان لەسەر بیرکردنەوەی ئەرێنیانە و رەفتارێکی کە لەلای کەسانی بەرامبەر و لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆکەدا ویستراو بن. ئەمە بۆ هەموو کەسێک دەشێت، بەڵام پتر بۆ ئەو کەسانەیە کە کارەکانیان وایان لێدەکات رۆژانە مامەڵە لەگەڵ خەڵکێکی زۆر بکەن، وەکو ئەو کەسانەی فرۆشیاری سەر دووکان و بازاڕە گەورەکانن، یان نمایندەی کۆمپانیان و دەیانەوێ کالاکانی بۆ ساغ کەنەوە. بەڵام بۆ کەسانی دیکەش رەنگە سوودیان هەبێ، وەک مامۆستا و پزیشک و راهێنەری وەرزشی و هەر کەسێکی کە بیەوێ خەڵک لە رەفتار و گوفتاری قایل بن.

تۆزی گەچ و چیمەنتۆ

خوێنەرێک بەناوی (عەبدولرەزاق) دەڵێ: من کرێکاریی دەکەم و بەزۆری ئیشی گەچ و چیمەنتۆیە و دەڵێن تۆزی ئەوانەش بۆ تەندروستی خراپە.. بۆچی و چی بکەم باشە..؟

وەڵام: ئەوانەی بۆ ماوەیەکی درێژ لەناو تۆز و خۆڵی گەچ و چیمەنتۆدا کار دەکەن و رێوشوێنی خۆپاراستنی راست و دروست ناگرنە بەر، ئەوانە دوور نیە لە دوارۆژدا تووشی هەندێک گرفتی هەناسەدان بن، چونکە ئەو تۆزەی کە لەو گەچ و چیمەنتۆیانە هەڵدەستن، چ لەکاتی دروست کردن و ئامادەکردنیان دا بێت یان لەکاتی هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی ئەو باڵەخانانە بێت کە لەو مادانە دروست کراون، رەنگە لەگەڵ هەناسەداندا بچنە ناو سیپەلاک و لەناو سیکڵدانۆچکەکاندا بمێننەوە. وە لەبەر ئەوەی رەقن و بەئاسانی و لەئاودا ناتوێنەوە، ئەوا بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێننەوە و دەبنە هۆی سووتانەوە و هەوکردنی دیواری سیکڵدانۆچکەکان، چونکە خانە ناوپۆشەکانی دەوروژێنن و برینداریان دەکەن. لە ئەنجامدا، کە ئەو سووتانەوەیە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ بەردەوام دەبێت، دەبێتە هۆی ئاوسانی خانەکان و مادەی کیمیاوی و ریشاڵ لەو شوێنەدا دەنیشن و کۆدەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەستووربوونی ئەو دیوارە تەنکانەی سیکڵدانۆچکەکانی کە گازەکانی هەناسەدانیان پێدا دەڕوات، بۆیە پاش چەند ساڵێک ئەو کەسانە تووشی هەناسەتەنگی دەبن و سیپەلاکەکانیان بەگشتی ئەو لاستیکیەی جارانیان نامێنێ و سیکڵدانۆچکەکانیش توانای کشان و وێکهاتنەوە لەدەست دەدەن... لەبەر ئەمانە ئەو کەسانە هەمیشە هەست دەکەن هەناسەیان تەنگە و خوێن و شانەکانی لەشیان تێر گازی ئۆکسجین نابن و وەکو ئەو کەسانەیان لێدێت کە جگەرەکێشی درێژخایەن بن. بەم جۆرە گۆڕانانەی کە لە ئەنجامی تووشبوون بە دەنکۆڵەی رەقی وەک کاربۆنی گازەکان و تۆزی چیمەنتۆ و گەچ پەیدا دەبن دەڵێن Silicosis چونکە ئەو دەنکۆڵە رەقانەی کە لەو مادانەوە پەیدا دەبن بەزۆری لە جۆری (سلیکا)ن، واتە وردە خۆڵ و تۆزی پتەون. هەندێ لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە ئەو گۆڕانانە دوور نیە لە هەندێ کەسدا، بەتایبەتی لەوانەی ئامادەباشیی بۆماوەییان تێدایە، ببنە هۆی سەرهەڵدانی خانەی شێرپەنجەیی و گرێی شێرپەنجەدار لەناو سیپەلاکەکانی پەیدا بن. بۆ خۆپاراستن لەو تۆز و خۆڵانە پێویستە ئەو کەسەی لە کارگە و شوێنی وادا کار دەکات، دەمامکی تایبەت بە پاڵاوتنی هەوا لەو دەنکۆڵانە لەدەم بکات و بەبێ ئەو دەمامکە نەچێتە ناو تۆزەکان. دەمامکی کارکردنیش زۆر جۆری هەیە و ئەو فیلتەرەی کە تێیدایە هەر جۆرەی بۆ دەنکۆڵەی تایبەت و قەبارە جیاواز دروست کراوە، بۆیە ئەوانە دەبێ ئەو جۆرە دەمامکانە بەکار بێنن کە فیلتەری تایبەت بە خۆڵ و تۆزی گەچ و چیمەنتۆیان تێدا دانراوە. لەبەر ئەوەی جلوبەرگی ئەو کرێکارانە ئەو تۆزانەیان لەسەر دەنیشێت و تێیاندا کۆدەبێتەوە، دوور نیە لەدەرەوە بۆ خەڵکی دیکەیان بگوازنەوە، بۆیە دەبێ جلوبەرگیشیان تایبەت بێت یان بەتەنیا لەشوێنی کارکردنیاندا ئەو جلکانە لەبەر بکەن و نەیانبەنە دەرەوەی شوێنی کارکردن. ئەگەر ئەمانە هەر نەکرا ئەوا باشتر وایە هەر نەبێ ئەو کەسە لەکاتی بوونی تۆز و خۆڵی لەو جۆرانە تەنیا بە لووتی هەناسە وەرگرێ و ناوە ناوە بچێتە دەرەوە بۆ وەرگرتنی هەناسەیەکی پاک و زوو زوو دەم و ناو لووتی پاک بکاتەوە و تەڕیان بکات و فن بکات.

پرۆگرامی دەمار و زمان چیە..؟